# ئاخۆ چی نهێنییەك لە پشت پێكەنینەكانی

# عامری وبارەكەڵلاَكەی سەددامی تاوانبارەوەیە؟

**ئەحمەد مەجید**

ahmadm.9@yahoo.com

**من بۆ خۆم بەردەوام لە كاتی دادگاییكرنەكەی سەددام ودارو دەستەكەیدا لە سەر كەیسی ئەنفال بە دیار شاشەی تەلەفزیۆنەوە دەبوومو،زۆر بە قوڵی دەچوومە نێو ئاخافتنەكانی شایەتحاڵەكان وتاوانبارانەوە.هاوكات هەندێ جاریش چاوەڕوانی وەڵامی زۆر توندی دادوەریشم ئەكرد.**

**بەڵام سەرجەمی ئەو دانیشتنانە لە یەكەمەوە تا سێیەم نەبێ ئەویش زۆر بە كەمی.ئیتر ئەو دوایی پرسیارێكی زۆری لە لا دروست كردم،ئایا ئەو شایەتحالأنە بۆ بەم زمانە قسە دەكەن؟یان تۆ بڵێی چی هۆكارێك بێت ئەم شایەتحالأنەی هێناوەتە دادگا؟كە لە راستیدا كەمترین قسەیان لە سەر تاوانەكانی سەددام كرد.یان رەنگە بە قەزاو قەدرە چووبن بۆ ئەوێ؟چونكە من وەك خۆم كە كەس وكاری ئەنفال كراوم وهاوكات وەك پێشمەرگەیەكی دێرینیش زۆر بەڵگەم لە لایە كە رووبەرووی سەددام ودارودەستەكەی بكەمەوە.یاخود زۆر كەسی تر هەن كە دونیایەك قسەیان پێیە لەو بارەوە بیكەن،یان بە گێڕانەوەی راستییەكان تاوانبارەكان تاوانبارتر بكەن،یان كۆمەڵێك هاولأتی تر كە لە كاتی گوللە بارانكردندا رزگاریان بووە بۆ نابرێنە دادگا قسەی خۆیان بكەن،ئەمەیان پرسیارێكەو رووبەرووی دەسەلأتی كوردی دەكەمەوە.یان ئەمەشیان پەنجا بە پەنجا دابەشكردووە.**

**لێرەدا بۆمان دەردەكەوێ كە مەسەلەی ئەنفال لەلای دەسەلأتی كوردی چەند خوێن ساردانە مامەڵەی لە گەلدا دەكرێ،گرنگییەكی ئەوتۆی نەدراوەتێ،كە ئەمەش بۆ خۆی خاڵێكی زۆر سلبیەو كەسەرێكی زۆر لە دڵ ودەروونی كەس وكاری ئەنفال كراوەكاندا بە جێ دێڵێ،كە لە بەهاری ساڵی 1991ەوە ئەو خەڵكە هیچ سوود مەند نەبوونەو هەندێ جاریش زۆر بێ مانایانە مامەڵەیان لە گەلدا كراوە لە لایەن دام ودەزگاكانی حكومەتەوە.**

**بۆیە من وەك كەس وكاری ئەنفال كراو رازی نیم بەو شایەتحالأنەو تەنانەت بە پارێزەرانەش.چونكە وا هەست دەكەم لە سەر ئێسك وپروسكی ئەنفال كراوەكانمان رەنگی دووبەرەكی پێوە دیارەو خەمخۆری راستەقینە نابینم.داواشم وایە كە لێژنەی تایبەت لە پەرلەمانی كوردستان یان دادگای باڵای عێراق سەردانی گەرمیان بكەن ولە نزیكەوە گوێ**

لە کەس وکاری پاشماوەی ئەنفال بگرن.نەك لە سەر زاری دەسەلاَتەوە یان حزبەوە بڕواننە مەسەلەکە.

لە ڕاستیدا تەنانەت عامری کۆنە بەعسیش لە مامەڵەکردنی لە گەل سەددام ودارودەستەکەیدا هەستی کەس وکاری پاشماوەی ئەنفال بریندار دەکات،لە کاتێکدا بە گەورە دیکتاتۆرێکی وەك سەددام حسێن دەڵێ: تۆ دیکتاتۆر نیت.یان عەلی کیمیاوی وسوڵتان هاشم کە ئێستا لە بەردەم دادوەردا هەڕەشەی جینۆسایدێکی ترمان لێدەکەنەوەو کۆمەڵێ پرسیاری نابەجێ ڕووبەڕووی شایەتحاڵەکان دەکەنەوە وەك لە کوردەواری خۆماندا دەڵێن لە قوتوی هیچ عەتارێکدا نییە.کەچی لە بەرامبەردا دادوەر بەنەرمی وبە پێکەنینەوە ولاَمیان دەداتەوە.من لە پێکەنینەکەی عامریدا شۆڤێنیەتی عەرەبی دەبینم .هاوکات ڕۆژانێکم بیر دینێتەوە کە ڕۆژانی کارەساتی ئەنفال بوو ساڵی 1988 لە ناحیەی حەمرین لە دوکانی عەرەبێکدا دانیشتبووم ،ئەوکات من لە ترسی پیاوانی بەعسدا نەوەك بمناسنەوەو بمگرن لەوێ خۆمم حەشاردابوو،ریش سپی وسەرۆك عەشیرەتەکانیان دەیانوت:ناوی ئەنفال ڕاست ودروستە بۆ لە ناوبردنی کورد،چونکە ئەوانە مرۆڤ نین بەڵکو کۆمەڵێ وەحشین لەو چیایانەدا دەژین وسەددام لە ناویان دەبات.کاکی خۆم عامر عەبدوڵلاَش کوڕی ئەو مەجلیسەیە ونایەوێ سەددام تاوانبار بکات کە بەناوی سەرجەم ئیسلام وعەرەبەوە پرۆسەی ئەنفالی جێبەجێ کردووە.

بێگومان شۆڤێنیەکانی عەرەبیش ڕازی نییە سەددام دادگایی بکرێ بەتایبەت لە سەر مەسەلەیەکی وەکو ئەنفال کە بەسەر کورددا هێنرا.بۆیە دەکرێ تا کار لە کار نەترازاوە دەسەلاَتی کوردی ئەمەش نەکەنە قوربانی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی وکە سەرێکی گوریسەکە لە دەستی ئەواندایە با خەمێکی جیددی مەسەلەکە بخۆن و ڕاستیەکان نەشارنەوە،کە دواجاریش نەبنە جێگای ڕەخنەو گازندەی خەڵکی خۆمان ومێژووش بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە.